# شنەی بەهار

بەهار و شنەی مایەی ژیانە
بە شنەی ژیاوە ئەم نیشتمانە
بەهار هێنەری موژدەی خەباتە
لابەری مەینەت ، هێنەری هاتە
ئاوری نەورۆزی پڕشنگی ژینە
بۆ گەل و بۆ هۆز گڕی بە تینە
پیت و گریەی ئەو ژینی پێوەیە
بریسکەی خەبات هەر لە وێوەیە
ئاگری نەورۆز یا تیشکی هیوا
ڕووناک کەرەوەی تاریکی هەوا
گڕپەی خورپەی دڵ،شەوقی زەوقی گەل
لە دەوری داڵێن لاوان بە کۆمەڵ
کاتێکی خۆشە فەسڵی نەوبەهار
دووری لە نەیار ، نزیکی لە یار
ئەو سەوز ئەکا تۆوی ڕزگاری
بەرهەم دێنێ باغ بۆ کوردەواری
هێندێ دەڕزێنێ ، هێندێ دەڕوێنێ
بەو گەرم و ساردی لەخۆی دەنوێنێ
دووبەرەکی گەل دەڕزێنێ سەرپاک
تۆوی یەکیەتی دەڕوێنێ لە خاک
بەهار بەخێرێ، دونیا گرتی ڕەنگ
ڕۆژی وەدەرخست لای برد شەوەزەنگ
بە تەپڵ و تۆپ و بە زەبر و زەنگە
دەی، سا، نەتەوەی کاوە درەنگە
بۆ پێشواز پاک و بڕازێننەوە
شنە تۆش کۆرپە بلاوێنەوە
لە بێشکەی خەما ڕایژێنە تاوێ
بۆی دەرخە، کاتێ، هەتاوێ،تاوێ
ببوژێتەوە لەبەر تاو و ساو
تا بێتە جێگەی شانازی تەواو
فتیلەی ڕێگەی ڕزگاری پێیە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەخێوکردنی یەکجار بەجێیە
با بێتە بەرهەم کۆرپەی نەتەوە
هیوای دوارۆژی نەتەوە ، بەوە
بۆ نیشتمان و بۆ گەل دەکۆشێ
لەڕێی وان هەرچەند زووخاو دەنۆشێ
ئەوسا ئاواتی ئاوات دێتە جێ
شین دەبێ خەڵفی هیوای جێبەجێ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com